---

## کارتی بانگهێشتنامە

## کارتی بانگهێشتکردن- بطاقة دعوة- Invitation Card

### پێناسەی کارتی بانگهێشتکردن ( بانگهێشتنامە)

کارتی بانگهێشتنامە بریتییە لە فۆرمێکی کاغەزی یان ئەلیکترۆنی کە ئاڕاستەی کەسێک یان کۆمەڵێک کەس دەکرێت، بە ئامانجی بانگهێشتکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بۆنەیەکی دیاریکراو، وەک: سیمینار، کۆبوونەوە، فێستیڤاڵ و ئاهەنگەکان. کارتی بانگهێشتنامە یەکێکە لەو ئامرازانەی کە لەناو خەڵکدا بڵاوە، وەک بەشێک لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی، چونکە ئاماژەیە بۆ پێزانینی بانگهێشتکەر بۆ بانگهێشتکراو، تایبەتمەندییەکانی کارتی بانگهێشتنامە جیاوازن، لە نێوان فەرمی و نافەرمی، دیزاینەکەش لەسەر بنەمای، ناوەڕۆکی کارتی بانگهێشتنامەوە بەندە بە سروشتی بۆنەکەوە.

### دیزاینی کارتی بانگهێشتنامەی ئەلیکترۆنی

بەرنامەی تایبەت هاتۆتە ئاراوە بۆ دیزاینکردنی کارتی بانگهێشتنامەی ئەلیکترۆنی کە دیزاینی ئامادەکراو و فۆرمی پێشوەختە ئامادەکراو دابین دەکات، کەسەکە دەبێت پڕیان بکاتەوە، لەگەڵ ناوەڕۆکی کارتی بانگهێشتنامە و هەموو وردەکارییەکانی.ئەپلیکەیشنی سۆشیال میدیا بەشدارییان کردووە لە بڵاوبوونەوەیدا، کە یارمەتی کەسەکە دەدات بۆ ناردنی بانگهێشتنامە بۆ کەسانی ئامادەبوو.لە لیستی هاوڕێ تایبەتەکانیدا، بۆ ئەوەی بتوانێت بانگهێشتیان بکات.

لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، مرۆڤەکان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانەوە بەتایبەت ( فەیسبووک،تویتەر،ڤایبەر، ئینستگرام، وەتس ئەپ.....هتد) کارلێک دەکەن و پەیوەندی ئەلیکترۆنی دەکەن.زۆرێک لە خەڵکی بەشێکی کاتەکانیان لە پشت شاشەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکانەوە بەسەر دەبەن، بۆیە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی تۆڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

### ناوەڕۆکی کارتی بانگهێشتنامە

تێکستی کارتی بانگهێشتنامە پێکهاتە سەرەکییەکانی تێدایە کە دەبێت نووسەری بانگهێشتنامە پابەند بێت پێیانەوە، کە بریتین لە:

1. **ناوی بانگهێشتکراو**: کارتی بانگهێشتنامە بە نووسینی ناوی بانگهێشتکراو لەسەر بەرگی بانگهێشتکراو دەست پێدەکات، تا دەگاتە دەستی بە شێوەیەکی کەسی.

نموونە: بۆ کاک/ خاتوو/ بەڕێزان/ جەنابی/ سەرۆکی/ ڕێزدار ....................

2. **هۆکاری بانگهێشتنامەکە**: وردەکارییەکانی بۆنەکە دەنووسرێت.
3. **کاتژمێر، ڕۆژ، ڕێکەوت، شوێن دەنووسرێت.**
4. **ناوی سەرۆکی دەزگا یا دامەزراوەی بانگهێشتکەر لەگەڵ پۆست و واژووی کەسی یەکەم لەسەر بانگهێشتەکە لە لای چەپی دەکرێت.**

---

نمونەی بانگهێشتنامە: لە دەقی کارتی بانگهێشتنامەدا، بانگهێشتکەر هۆکاری بانگهێشتنامەکە و وردەکارییەکانی لەسەر دەنووسێت.

**بـــانـگـهـێـشـتـنـــامە**

**بۆ بەڕێز/.......................................**

بەڕێزتان بانگهێشت دەکەین بۆ بەشداریکردن لە سیمپۆزیۆمی ( **بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان" هەڵسەنگاندن و دەرەنجام**") کە لەلایەن زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر بەڕێوەدەچێت.

کات : (10:00) بەیانی
ڕۆژ: چوارشەممە
ڕێکەوت: 2022/3/2
شوێن : سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر/ ڕێگەی کەرکوک

**پ.ی.د.كامران یونس محمدأمین**
**سەرۆکی زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر**

**تێبینی: سوپاستان دەکەین لە ئامادەبوونتان ئاگادارمان بکەنەوە لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی** (0750?????????)

**پێش ناردنی کارتی بانگهێشتنامە ئەم خاڵانە لە بیر مەکە:**

1. دڵنیابە لەوەی کە بانگهێشتنامەکە دوور بێت لە هەڵەی ڕێنووسی و زمانەوانی.
2. پێداچوونەوە بە وردەکارییەکانی بانگهێشتنامەکە بکە؛ بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هیچ هەڵەیەک لە وردەکارییەکانی ڕووداوەکەدا نییە.
3. زمانی بەئەدەب و بە ئەتەکێتیک بەکاربهێنە.
4. ڕوونی لە خستنەڕووی هەموو وردەکارییەکانی ڕووداوەکە.
5. نەخشەی شوێنی چالاکییەکە دابنێ ئەگەر بانگهێشتکراوەکان خەڵکی دەرەوەی شارن، یان شوێنەکە(Location) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بنێرە.

**جۆرەکانی کارتی بانگهێشتنامە**

دوو جۆر بانگهێشتنامە هەیە، یەکێکیان فەرمی و یەکێکیان نافەرمی بەمشێوەیە:

1. **بانگهێشتنامەی نافەرمی:** دەتوانرێت لە ڕێگەی تەلەفۆن، ئیمەیڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک(ماسنجەر، ڤایبەر، تویتەر، تیلیگرام، واتس ئەپ، سناپ، تیکتۆک،.....هتد یان تەنانەت نامەی کورتەوە ئەنجام بدرێت، هەرچەندە ئێستا هەندێ بانگهێشتنامەی فەرمیش بەمشێوەی ئەنجام دەدرێت.
2. **بانگهێشتنامەی فەرمی:** تەنها لە ڕێگەی کارتی بانگهێشتنامەی دەستنووس یان چاپکراوەوە دەتوانرێت بنێردرێت. بانگهێشتنامە نووسراوەکە دەبێت ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تێدابێت: ناوی میواندار، جۆری ئاهەنگەکە، ڕێکەوت و کاتی ئاهەنگەکە، شوێنی ئاهەنگەکە، ڕێنماییەکانی چالاکییە،

---

شێوازی جلوبەرگ، جگە لە هەر زانیارییەکی تر وەک نەخشەیەک بۆ گەیشتن بە هۆڵی ڕێوڕەسمەکە. لە بانگهێشتنامە زۆر فەرمیەکاندا، کارتێک هاوپێچ دەکرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئامادەبوون یان بۆ داوای لێبوردن. ئەم کارتە بە کارتی وەڵامەکان ناسراوە.

**جۆرەکانی بۆنە بۆ بانگهێشتکردن**

1 .مارەبڕین، خەنەبەندان، ئاهەنگی هاوسەرگیری.
2 .ئاهەنگی دەرچوون لە ( قوتابخانە، پەیمانگا، زانکۆ، کۆلێژە سەربازییەکان...هتد).
3 .ڕێوڕەسمی خەڵاتبەخشین.
4 .کۆنفرانس، سیمپۆزیۆم، وۆرکشۆپ، سمینار...هتد)ی ڕۆشنبیری و زانستی.
5 .فێستیڤاڵی فیلم.
6 .فێستیڤاڵی ( وەرزشی، هونەری، کلتووری...هتد)
7 . کردنەوەی پێشانگاو کۆمپانیا، شوێن کار، کارسازی تازە....هتد.
8 .پرێس کۆنفرانسی میدیایی.
9 .گرووپی کار.
10 . خستنەبازاڕی بەرهەمی تازە.
11 . ئاهەنگی لە دایکبوون و منداڵی تازە لە دایک بوو.
12 . ڕێوڕەسمی گەڕانەوەی لە گشت یا حەج بۆ ماڵەوە.

**سوودەکانی بانگهێشتی ئەلیکترۆنی**

زۆرێک لە ئێمە چەندین ساتی خۆشمان بەسەربردووە وەک: دەستگیرانداری، هاوسەرگیری، ڕۆژی لەدایک بوون، سەرکەوتن، دەرچوون، گەڕانەوە لە گەشتێکی دوورو درێژ، وەرگیران لە زانکۆ، هاتنی منداڵی نوێ. خاوەن ئەم بۆنانە هەوڵی بانگهێشتکردنی زۆرێک لە هاوڕێ و ناسیاوەکان دەدەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا بانگهێشتی ئەلیکترۆنی بۆ بانگهێشتکردنی هاوڕێ و خزم بەکاردەهێنرێت،چونکە بانگهێشتی ئەلیکترۆنی بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە دەناسرێتەوە:

1 .نووسین و ناردنی ئاسانە.
2 .بڵاوکردنەوەو بانگکردنی کەسانێک کە بانگهێشت دەکرێن ئاسانە.
3 .کاتت بۆ دەگەڕێنێتەوەو بە خێرایی دەنێردرێت بە بێ ماندووبوون، چونکە کارتی ئاسایی پێویستی بە کات و ماندووبوون هەیە بۆ دابەشکردنی بەسەر هەموو بانگهێشتکراوەکان بەتایبەت ئەوانەی لە شار و ناوچەکانی ترن، هاوکات دەرکردنی کارتی ئەلیکترۆنی چەند خولەکێکی دەوێت.